کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:34 8-11-2007

**باخچە و پەروەردەی مەخموور ... دیمانە: موحسین شوانی**

مەخمور

لەگەڵ دەست پێکردنی ساڵی تازەی خوێندن و سەرەتای کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان، گرفت وکێشەکانی قوتابی وپەروەردە وفێرکردنیش دەست پێ دەکاتەوە، بەتایبەتیش لەوناوچەدابڕاوانەی کوردستان کەتاپرۆسەی ئازادی لەژێر چەپۆکی ڕژێمی رووخاودابوو، یەکێك لەوناوچانەش قەزای مەخمورە، ئەگەر چی هەرساڵی 2003 وە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی مەخموری کردەوەو تاکو ئێستا خزمەتێکی زۆری کردووەو بە سەدان مامۆستای دامەزراندووەو چەندان قوتابخانەی کردۆتەوە. بەڵام بەدەست کۆمەڵێك گرفت و کەموکوری



دەناڵێنێ بۆ بابەت و سەردانی ئەم جارەمان رووومان کردە باخچەی ساوایانی گوڵان، کە تەنیا ناوەکەی باخچەیە، لە زیندانێکی بچووك زیاتر لە چیتر ناچێت، باڵەخانەیەکی کۆن بەردەرگای قوڕو چڵکاو، تەنیشتەکانی زبڵ و پاشماوەی ماڵەکان، بۆ گۆڕەپان و چیمەن و دارو گوڵ و باخچە، پڕ لە درك و بێ یاری و پێداویستی سەرەڕای هەموو ئەمانە مادەی دووساڵە بێ کارەبای گشتی و موەلیدەو بی ئاوی خواردنەوەیەو... هتد.

بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر ئەو بابەتە مامۆستا سعاد قادر بەڕێوەبەری باخچەی ساوایانی گوڵان بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە:

ستاندەر: شارۆچکەی مەخمور لەساڵی 1927 بۆتە قەزا، واتە 80 ساڵە قەزایە، ساڵی چەند باخچەی ساوایانی تێدا کراوەتەوە؟

م. سعاد: لەساڵی 1976 بۆ یەکەم جار باخچەی ساوایان لە مەخمور کراوەتەوە، واتە پاش تێپەڕبوونی 50 ساڵ بەسەر قەزا بوونی، بەڵام لەساڵی 1980 وەکو شوێنی تایبەت و بینایە ئەو باخچەیان دروست کردوە کە ئێمەی لێن.

ستاندەر: سەرەتا ناوی باخچەکە چی بوو؟

م. سعاد: لەوەتەی من بەبیرمە ناوی (الورود) بوو، بەڵام دوای روخانی رژێم پەروەردەی مەخمور ناوی گۆڕی بۆ باخچەی ساوایانی گوڵان.

ستاندەر: ئەو مامۆستایانەی لە باخچەکەتان وانە دەڵێنەوە، یاخود کە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە رەوانەیان دەکەن، لەسەر چ بنەمایەك واتە دەبێ دەرچووی چ بوارێك یاخود پسپۆڕیان لەچیدا هەبێت؟

م. سعاد: مامۆستایانی باخچەی ساوایان دەبێ خولی تایبەتیان بینیبێ، یاخود دەبێ ەبلای کەمەوە ماوەی دە ساڵ لە قوتابخانەکان وانەی گوتبێتەوە و پسپۆڕی ئەم بوارە بن، بەڵام مامۆستایانی ئێمە لەبەر ئەوەی مەخمور دوای ئازادکردنی پەلەکرا لە ئاوەدان کردنەوەو گۆڕینی بۆ زمانی کوردی، چونکە خۆتان دەزانن، خوێندن بەکوردی لەم دەڤەرە قەدەغەکرابوو هەموو شتێك تەعریب کرابوو بۆیە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

مامۆستایانی ئێمە زۆربەیان لە قوتابخانەکانەوە هاتوون و خولیان نەدیوە، تەنیا یەك دوو خولی دوو ڕۆژی و سێ ڕۆژی.

ستاندەر: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر، بەردەوام خولی جۆراوجۆری بۆ سەرجەم بوارەکانی پەورەردەو فێرکردن دەکاتەوە تا چەند ئێوە سودمەند بوونە لەم خولانە.

م. سعاد: دووساڵ لەمەوبەر بڕیار بەە مامۆستاکانمان لە خولێکی 21 ڕۆژی بەشداربن کە ڕێکخراوێکی سویدی سەرپەرشتی دەکرد بەڵام تەنیا یەك مامۆستامان بەشداری پێکرا.

ستاندەر: شاری مەخمور تاکو ئێستا یەك باخچەی ساوایانی هەیە، بۆ؟

م. سعاد: مەخمور شارێکی گەورەیە، حەوت گەڕەکی پڕ دانیشتوانی لێیە. پێویستی بە چەند باخچەیەك هەیە بۆ ئەم مەبەستە چەندین جار سەرپەرشتیار و پەروەردەمان ئاگادار کردۆتەوە، بەلای کەمەوە قەزای مەخمور پێویستی بە سێ باخچەی ساوایان هەیە. پێمان ڕاگەیاندوون ئەگەر بینایەتان پێ ناکرێ با خانوو بەکرێ بگرن.

ستاندەر: هۆی چیە ناکرێتەوە یاخود باخچەی نوێ ناکەنەوە، کەمتەرخەمیەکەی لە ئەستۆی کێیە؟

م. سعاد: بێگومان بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی مەخمور ئەمری بۆ هاتووە کە بکرێتەوە، فەرمانی باخچەیەکی تری بۆ دەرچووە. بەڵام تائێستا نەکراوەتەوە، وابزانم پەروەردەی مەخمور ئەو تواناو ئیمکانیاتەی نیە.

ستاندەر: ئەو باخچەیەی ئێوە، تەنیا ناوی باخچەیە، هیچ سیمایەکی باخچەی پێوە دیارنیە، بۆ؟

م. سعاد: لەکاتی ڕوخانی ڕژێم لە 2003 ئەو باخچەیە سوتاو کەلوپەلەکانی نەما. پاشان ڕێکخراوێك هەڵسا بە نۆژەنکردنەوەی بینایەکەو کەمێك کەلوپەلیان پێدواین، بەڵام گۆڕەپان و دیوارەکان چاك نەکرانەوە، زۆرجار داوامان کردوە بۆمان نۆژەن بکەنەوە. ئەم باخچەیە جێگای 300 قوتابی دەبێتەوە، کەچی وەك دەبینی چواردەورەی باخچەکە زبڵ و چڵکاوە.

ستاندەر: ئەمانە ئەرکی شارەوانیە، ئاگادارتان کردونەتەوە؟

م. سعاد: بەڵێ، چەندجار پێمان گوتون، ئی خۆشیان دەیبینن و ئاگادارن، بەڵام وادیارە کەمتەرخەمن. بۆ ئەو مەبەستە خۆم چومە لای بەڕێوەبەری پەروەردەو ئەویش پەیوەندی بە شارەوانی کرد، ئەوانیش دوو پاککەرەوەیان ڕەوانکرد، بەڵام ئیشەکەیان تەواو نەکرد.

ستاندەر: لە باخچەکەتان چەنجد مامۆستاو چاودێر هەیە؟

م. سعاد: زیاتر لە 150 قوتابیمان هەیە، دەبوو هەر 15 قوتابی لە پۆلێك دابنێین، بەڵام ئێمە 25 قوتابیمان داناوە، واتە پێویستمان لە شەش مامۆستایە، کەچی سێ مامۆستامان هەیە. چەندجار داوامان کردووە مامۆستامان بۆ بنێرن، بەتایبەتی مامۆستای هونەری و وەرزش، پێویستە ئەو مامۆستایانەی دەگوازرێنەوە بۆ باخچە پسپۆڕی هونەری بن. جگە لە مامۆستا چوار چاودێرمان هەیە لەگەڵ دوو بەردەست و یەك پاسەوان، بەڵام باخچەوانمان نیە.

ستاندەر: ئەو وانانەی دەیڵێنەوە لەخۆتانەوەیە یان مەنهەجێکە؟

م. سعاد: ئێمە مەنهەجێکمان هەیەو پەیرەوی دەکەین، کە لە پەروەردەوە بۆمان هاتووە.

ستاندەر: ماوەی دەوامتان چەندەو لەو ماوەیەدا خواردنیان پێ دەدەن؟

م. سعاد: لەکاتژمێر 8 ی بەیانی تا 12 ی نیوەڕۆ دەوام دەکەین، بەڵام هیچ خواردن و خواردنەوەیەکمان نیە تا پێیان بدەین، تەنها حانوتمان هەیە، بەپارەی خۆیان شت دەکڕن.

ستاندەر: ئەی کەلوپەلی یاری کردن؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

م. سعاد: لەو رووەوە زۆر بێبەشین، هۆڵێکی گەورەی یاریکردنمان هەیە، کەچی تەنیا سێ خشخشۆکەی لێیە. ئەوە چوار ساڵە هەر ئەو سێ خشخشۆکەمان هەیە، لەگۆڕەپانەکەش خوو خشخشۆکی ئاسنمان هەیە، زۆرجار دەبێتە هۆی برینداربوون و شکان، یاخود دەکەونە ناو درك و خۆڵ. ڕێکخراوێکی نەرویجی سەردانی کردین، کە چاوی بەو خشخشۆکانە کەوت سەری سوڕما.

ستاندەر: بۆ سرود و گۆرانی لەخۆتانەوە دەیهێنن یان بەپێی مەنهەجێکە؟

م. سعاد: لەسەر مەنهەج دەڕۆین، هەندێ لە سرودەکانیش بەگوێرەی وەرز و بۆنەکان پێیان دەڵێین. بەڵام هیچ ئامێرێکی مۆسیقامان نیە.

ستاندەر: هاتوچۆی پەپولەکان چۆنە؟

م. سعاد: باخچەکەمان لە سەرەتای ساڵەوە بە دایك و باوکان رادەگەیەنێت کە هاتوچۆی منداڵەکان لەئەستۆی خۆتانە، چونکە ئۆتۆمبێلمان بۆ نەهاتووە. چاودێرەکانیشمان تەنیا تا بەردەرگای باخچە لە منالەکان بەرپرسن. بۆیە منداڵی گەڕەکە دوورەکان وەرناگرین.

ستاندەر: لەماوەی دەوامدا، چۆن چارەسەری نەخۆشکەوتن و رووداوەکان دەکەن؟ بنکەی تەندروستیتان هەیە؟

م. سعاد: نەخێر، هەر بەخۆمان هەوڵی چارەسەری دەدەین، بنکەی تەندروستیش هیچ یارمەتیەکمان نادەن. هەتا رێنماییەکانیشمان بۆ نانێرن. هەروا دەبوایە مانگانە لیژنەی پزیشکی سەردانی منداڵەکانی بکردبایە، بەڵام ئەوەش نەکراوە.

ستاندەر: ئەی کارەباتان چۆنە؟

م. سعاد: دووساڵە کارەبا لە باخچەکەماندا نیە، سێ جار چوومە بۆ فەرمانگەی کارەبای مەخمور و ئەندازیار و کرێکارمان هێناوە، بەڵام چارەسەر نەکراوە. نەك هەر ئەوە، بەڵکو ئاویشمان نیە، ساڵی پار رێکخراوێکی بیانی بیرێکی بۆ لێداین، بەڵام بەکەڵکی خواردنەوە نەدەهات، ئەوا ئێستا وشکی کردووە.

ستاندەر: رێکخراوە خێرخوازیەکان یارمەتیان نەداون؟

م. سعاد: نەخێر، تەنها ئەو رێکخراوەی ساڵی پار بیری ئاوی بۆلێداین.

ستاندەر: دوا قسەت؟

م. سعاد: لەرێی گۆڤارەکەتانەوە دەخوازم دەنگمان بگاتە بەرپرسان و لایەنە پەیوەندیکارەکان و ئاگاداری گرفت و کێشەکانمان بن و ئاوڕێکمان لێ بدەنەوە.

بۆ بەدواداچوونی ئەو گرفتانە سەردانی بەڕێز مامۆستا بەهرام ئیسماعیل حسن، بەڕێوەبەری پەروەردەی مەخمورمان کرد و ئەم پرسیارانەمان ئاراستەکرد:

ستاندەر: بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی مەخمور دوای روخانی رژێم بە موخمور کراوەتەوە، بێگومان خزمەتی زۆری ناوچەکەی کردوە، بەڵام هێشتا وەك پێویست نیە، یەکێ لەو شوێنانەی بەدەست گرفتەوە دەناڵێنێ باخچەی ساوایانی گوڵانە، چی دەڵێن؟

م. بهرام: من ئەم هاوینە سێ جار چومەتە شارەوانی و لەرێی بەڕێز قائیمقامیش داوام کرد هەڵمەتێکی پاکردنەوەی بۆ بکرێت، بەڵام تەواو نەکرا. سێ جاریش فەرمانگەی کارەبای مەخمورم ئاگادارکردوەتەوە، پێم وتون لەرووی ماددیەوە خۆم دابینی دەکەم، تەنها لەرووی کارو فەنیەوە چارەسەری بکەن، بەڵام نەیانکرد.

ستاندەر: بۆچی تائێستا یەك باخچەی ساوایان لە مەخمور هەیە؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

م. بهرام: چەندین جار گوتومە کە پرۆسەی پەروەردە لە باخچەی ساوایانەوە دەست پێ دەکات، مەخموریش دوای رزگاربوونی بەو ئاواتە بوو حکومەتی هەرێم ئەوەی بۆ شوێنەکانی تری کردووە لەو ماوە دووردورێژەدا، لەماوەیەکی کەمدا بۆ مەخموریشی بکات، جەنابی سەرۆکی هەرێمیش وتویەتی مەخمور لەهەموو شوێنەکانی تر زیاتر مەغدوورە. حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پەروەردە تەقسیریان نەکردووە لەرووی میلاکات کەلوپەلەوە. بەڵام گلەیی ئێمە دوو شتی سەرەکیە، یەکەم نەبوونی بینایەیە، ئێستا من (56) خانووم لە گوندەکان بەکرێ گرتووە بۆ قوتابخانە، کە لەراستیدا بۆ خوێندن گونجاویش نین، لە مەخموریش تەنها یەك باخچەی ساوایان هەیەو ئەویش تەنها ناوی باخچەیە، ئەگەرچی دوای پرۆسەی ئازادی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە کەرەستەیەکی باشی بۆ دابین کرا، بەڵام بینا هەر بینای جارانە. پێشنیار دەکەم رێکخراوێك یارمەتیمان بدات تا بتوانین دوو سێ باخچەی تر بکەینەوە. ئەوە ماوەیەکی هەوڵ دەدەین خانویەك بەکرێ بگرین بۆ کردنەوەی باخچەیەکی تر، بۆ منداڵانی گەڕەکە دوورەکان، بەڵام نیە. حکومەتی هەرێمیش کۆستەرێکی بۆ دابین نەکردووین.

ستاندەر: هۆی کەموکوڕیەکان چیە؟

م. بهرام: دەیان نوسراو و داواکاریمان بەرزکردۆتەوە، بەڵام پێمان دەڵێن ئێوە سەر بە موسڵن و هێشتا نەگوازراونەتەوە سەر هەرێم. بۆیە دەڵێم ئەگەر سەر بە موسڵین با ئیدارەکە بە یەکجاری تەسلیمی ئەوان بکەن و ئێمەش بگەڕێینەوە هەولێر. نازانم کێ بەرپرسە؟ کێ بەنیازە ماددەی 140 لە مەخمور جێبەجێ بکات. ئێمە گرفتی زۆرمان هەن، بەڵام لەجیاتی چارەسەر گرفتیشمان بۆ دروست دەکەن. لەلایەکی دیکەشەوە مامۆستایانی مەخمور لە پێشمەرگەیەکی دێرین لەپێشترن، چونکە نەیانهێشت پرۆسەی خوێندن بوەستێ.

ستاندەر: باخچەی ساوایانی گوڵان بۆ ئاوای بەسەر هاتووە؟

م. بهرام: بەداخەوە ئەوە چوار پێنج بەڕێوەبەری شارەوانی بگۆڕدرێت، ئێمە هەر داوای پاکردنەوەی چواردەوەری باخچەو قوتابخانەکان دەکەین، بەڵام کەمتەرخەمن. من گلەییم لە قائیمقام و بەرپرسانی تریش هەیە، حاڵی مەخمور بەگشتی ئاوایە، هەرکەسێك دێت بۆ ئێرە، هەر لە دەروازەی بازگەکە لوتی خۆی دەگرێت. رێگاوبانیشی زۆر خراپە، ئەگەر بەرپرسە سیاسی و حیزبیەکان کە بەردەوام بەناو مەخموردا هاتوچۆ دەکەن و چارەسەری ئەو گرفتانە ناکەن، ئەی گرفتی پەروەردەو باخچەی ساوایان چۆن چارەسەر دەکرێت. بۆیە گلەیی من لە ئیدارەی ئێرەیە، شارەوانی و کارەبا و تەندروستی. پێویستە بەهەموو لایەکمان خزمەتی ئەم دەڤەرە بکەین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.